سارا رایشەلت

# میوانی شۆفێر تەکسییەک(*)


لە ئەڵمانییەوە: سیروان رەحیم

نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر کاتێک بەمەبەستی سەردانی باوکم لە جەژنی کریسمیسدا بە شەمەندەفەر لە شاری کۆڵنەوە "ئەڵمانیا" لە گەشتێکدا بەرێوە بووم، کەسانی نامۆ لە شەمەندەفەرەکەدا هەبوون و کە قسەیان دەکرد دەنگیانم دەبیست. پاشان پرسیارم لەو دوو پیاوە نەناسە کرد کە لە شەمەندەفەرەکەدا قسەیان دەکرد:

تکایە بە هەڵە لێم مەگەن، بە چ زمانێک قسە دەکەن؟

بەم شێوەیە من "سیروان رەحیم"م ناسی.

وەڵامەکەی سیروان بۆ من سەرەتای هاورێیەتییەکی زۆر جوان بوو. هاورێیەتییەک منی بە خۆرا برد بۆ ئەوەی هاوکاری سیروان بکەم لە وەرگێرانی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا بۆ ئەڵمانی. من هەوڵم دا وەرگێرانەکەی ئەو لە کوردییەوە رووناکی جیهان ببینێت. شیعرەکانی شێرکۆ لە هاوینی ئەمساڵدا ۲۰۰۹ لە وەشانخانەی "بەرفین" بەناوی پایزەمیوان بە ئەڵمانی بڵاوکرانەوە، لەو کاتەوە ئەو شیعرانە وەکو هاورێیەکی جێ متمانە لەگەڵمدان. لێرەوە من کارم بەم ئارەزووەی خۆم کرد، تا شەوێک لە ناو تەکسییەک دا بووم، لە شۆفێرەکەم پرسی کە کوردی عێراق بوو، شێرکۆ بێکەس دەناسی؟ شۆفێرەکە بەو پرسیارەم سەرسام بوو کە کوردستان بەو جۆرە بۆ من سەرنجراکێشە. هەروەها هاوکاری من بۆ لەدایکبوونی شیعرگەلی شێرکۆ بە زمانی ئەڵمانی. ئەو بە شانازییەک ئاماژەی بەو




کارەی من کرد و بەرزی هەڵسەنگاند.

کاتێک ئامادە نەبوو پارەم لێ وەربگرێت و بێ بەرامبەر منی گەیاندەوە ماڵ، گوتی:

"ئێوە نیشتمانەکەی من و کولتووری منتان خۆش دەوێ، بۆیە ئێوە میوانی منن!"

بە شێوەیەک ئەمەی گوت، کە ڕەتکردنەوەی هەڵنەدەگرت.

پاش ئەوەی لەگەڵ سیروان ڕەحیم "پایزە میوانی" شێرکۆ بێکەسمان بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕا، بەو جۆرە منیش بووم بە میوانی کوردێکی شۆفێر تەکسی.

..............................................................................

(*) "پایزە میوان" ناوی ئەو دیوانەی شێرکۆ بێکەسە کە لە کوردییەوە سارا ڕایشەلت و سیروان ڕەحیم کردوویانە بە ئەڵمانی. ناوی ئەم وتارەی سارایش تێکەڵکێش ئاماژە پێکردنە بەو ناوونیشانە.